بەهۆی بەردوومانی تورکیا هەشت ئەندامی یەک خێزان لە ڕۆژئاوای کوردستان گیانیان لەدەستدا

دوای هێرشی درێنی سوپای تورکیا و میلیشیاکانی سەر بە تورکیا بە سەر گوندی سەفیت لە ڕۆژئاوای ناوچەی عەین عیسا، 8 ئەندامی یەک خێزان بوونە قوربانی و گیانیان لەدەستدا.

هێرشی درێنی بەمبۆژکراوی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا بە سەر گوندی سەفیت لە ڕۆژئاوای عەین عیسا لە ڕۆژئاوای کوردستان، بووە هۆی کوژرانی 8 ئەندامی یەک خێزان.

بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، گرووپە چەکدارەکانی سەربە تورکیا بەرەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە بە درێن هێرشی کردەسەر گوندی سەفیت لە ڕۆژئاوای عەین عیسا لەنزیکی بەنداوی تەشرین و وێنەی قوربانیانی ئەو هێرشە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبەتەوە.